شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق کۆبوونەوە



پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە شاری بەغدا، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکایەتی مەسرور بارزانی، لەگەڵ محەممەد شیاع سودانی، سەرکۆزیرانی عێراق و شاندی حکومەتی عێراق کۆبوونەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوکی حکومەتی هەرێم، لەو کۆبوونەوەیەدا قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرکی حکومەت و ژمارەیەک لە وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، سەرکی حکومەت جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و ڕێککەوتنەکان کردەوە، هەروەها دووپاتیکردەوە، کە نابێت شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەران تێکەڵی ململانێ سیاسییەکان بکرێن و پێویستە بە زووترین کات ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چیدیکە بە وەرگرتنی مافەکانیان لە چاوەڕوانیدا نەبن.

لە کۆبوونەوەکەدا، محەممەد شیاع سودانی، سەرکۆزیرانی عێراق ئامادەیی خۆی نیشاندا بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و یاساکان و جەختی لەوە کردەوە، کە بە هەموو لایەک هەوڵ بە دابینکردنی پشتیوانیی سیاسی بدرێت لەپێناو دەزینەوەی هەرچی زووتری چارەسەرێ بە گشت کێشەکان.

سەرکی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا ئاشیگیاند؛ "بە بەوای ئەمە عێراق خاوەن سەرمایەیەکی

گۆرەی مرۆیی و سروشتییە و بە رەخساندنی کێشکی لەبار و بەرەوپێبردنەکی باش، هەموو عێراق بەرەو قەناغێکی پێشکەوتووتر و گەشەسەندووتر هەنگاو دەنێت".